# ڕێگا دوورەکانی چاومان

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (٩٨٤)**
**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**
**ئازاد بەرزنجی**

**www.sardem.org**

## ■ڕێگا دوورەکانی چاومان

نووسینی: جەلالی میرزا کەریم

بابەت: شیعر

دیزاینی ناوەوە: شەماڵ وەلی

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٢٠٠٠ دینار

چاپی: یەکەم، چاپخانەی **سەردەم** ساڵی ٢٠٢١ کوردستان- سلێمانی

■ مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

جەلالی میرزا کەریم


# ڕێگا دوورەکانی چاومان

شیعر

سلێمانی - ٢٠٢١

## ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| پێناسە | ٩ |
| تەمەن | ١٠ |
| نەخشەی خەونەکان | ١٢ |
| لە کوێم | ١٥ |
| پێشکەشە بەو شۆڕشگێڕانەی هێشتا نەمدیون | ١٨ |
| ئاوێنەی هیوایەکی سەرهەڵگرتوو | ٢١ |
| ڕێگا دوورەکانی چاومان | ٢٧ |
| تێگەیشتنی یادگارییەکان | ٣١ |
| دووری | ٣٣ |
| زەماوەندی باوەش پیاکردنەوە | ٣٦ |
| ڕۆژگارە سەرگەردانەکان | ٣٩ |
| وەرام | ٤٢ |
| هەنگاوی زام | ٤٤ |
| هەڵوێست | ٤٦ |
| نەورۆزی خۆزگە | ٤٨ |
| گەشتەهەڵوێست | ٥٧ |
| ناونیشانی یادێکی کۆچکردوو | ٦٣ |
| حەزنامەیەکی ئاوارە | ٦٨ |
| چرپەی ژانێکی نوقمبوو | ٧٣ |
| سەرەتای حەیرانی تەمەنمان | ٧٧ |
| گریەشیعر | ٨٣ |
| هاوڕێ | ٨٥ |
| لە خەمی هەڵەبجەی ژارا | ٨٩ |
| پەیامەژێ | ٩٣ |
| دوو چاوی | ١٠٣ |


جەلالی میرزا کەریم

## تێبینی:

*ساڵی ١٩٧٨ یەکەم شیعری ئەم داهێنەرەم لە ئەرشیفی خۆم یاداشت کرد، لەم ساتەی ئەم تێبینییە دەنووسم. چل ساڵی پڕە، لە هەر ڕۆژنامە و گۆڤارێکدا شیعریم بینیبێت، یاداشتم کردووە. لە یادی بیستوپێنج ساڵ تێپەڕبوون بەسەر کۆچیدا: ١٩٩٣/١/١٤، ئەم بەشە شیعرەی لای من کۆبووەتەوە لە شێوەی کتێبێک بڵاوی دەکەمەوە.*

ئەمە ئەو تێبینییەیە لە لاپەڕە سێی کۆشیعری چاپکراوی: (ڕوانینەکانی چاوی شەقام – ٢٠١٨) نووسیومە. سێ شیعر: ١- ڕازەکانی هەفتە. ٢- ڕێگا. ٣- وەرزەکان. ساڵی ٢٠٠١ لە ژمارە (١٥)ی ڕۆڤار وەرم گرتبوون. لەم کۆشیعرەدا دووبارە بوونەتەوە. لە کۆشیعری یەکەم داندراون، بۆیە لەم کۆشیعرەدا دووبارەم نەکردنەوە، هەروەها شیعری: (دوو چاوی)شم، دوای چاپکردنی کۆشیعری یەکەم دۆزییەوە، لەم کۆشیعرەم دانا.

شاعیر ئەم کۆشیعرەی ساڵی ١٩٩٢ بە شێوەی لەبەرگرتنەوە، کەمەیەکی کەمی لەبەرگرتووەتەوە و بەسەر برادەرە نزیکەکانی دابەشکردوون، دیارە لە کاتی چاپدا شیعری یەکەم ناونیشانی کەوتووە. لەم دانەیەی کارم لەسەر کردووە شاعیر بە قەڵەمی خۆی، ناونیشانی بۆ داناوەتەوە، لە دوو شیعری تریشیدا. لە هەریەکیان دەستکاری دێڕێکی کردووە، من دەستکاریکراوەکانم داناون.

**سەباح ڕەنجدەر**
**٢٠٢١/١/١٤ هەولێر**

## پێناسە

خۆزگە!
ئەتانزانی گیانی پرسیارەکانی زیندەگیم چییان پێیە؟
خۆزگە!
ئەتانزانی چاوی هۆنراوەکانی بێدەنگیم چییان پێیە؟
شاعیرێکیان..
تەنیا لەبەر ئەوە خنکان
بە نهێنی لەناو دڵیا
شیعرێکی وت بۆ کوردستان

* * *

کەچی دوای ئەوەی هەڵواسرا،
دەیان سێدارە هەڵخرا..
بۆ ئەوانەی ئەو شیعرەیان
کردە قەڵغان لەناو شەڕا.

## تەمەن

کاتێ تەمەن.. دڵڕەقانە
سوێ و پەژارەی بێسایەی چڵ،
بەرەو ڕێگای بێکۆتایی
ئەودیو لاشەی تارماییيەکان
جێ ئەهێڵێ..
کام خۆر گەشە
کام یاد زیندوو
کام باخی ڕووی کچ والآیە؟
کام ژیلەمۆی کەلەپووری
قسەی پێشینان ئالآیە؟
لە ناکاوا..
وەکو پەنجەی وێنەکێشێ
ڕەنگی خوێن و
نیگا و هیوای ئاسۆکانیان
بەسەر یەکا تێک ئەشێلێ.

* * *

وتەکانی ناو دنیای بەرینی سینە،
ورشەی جریوە ئەگرن و
بە ئاسمانی
خەونەکانی

مێژووی هەنسکی بەر دەرگای
پێکەنینا گوزەر ئەکەن.
گڕی باڵی
هەڵۆ بێناونیشانەکان.
گڕی ئەڵقەی
بەسەر یەکا تواوەی قەفەس
ئەپروێنێ و
گۆرانییە کپکراوەکان بەر ئەدەن.

* * *

- ئاخۆ ئەبێ..
تەمەنێکی تر پاش مردن لەدایک بێ؟
- بەڵێ.. بەڵێ! بەڵام ئەبێ:
نەخشەی تینووی باڵندەکان یاخی ببێ.

١٩٧٧

## نەخشەی خەونەکان

خەونەکانی شەو ئەڕۆن و
تابلۆی یادێک جێ ئەهێڵن.
بزەکانی ئاڵای شیعر خەم ئەخۆن و
دێڕ.. دێڕ ورشەی
باخی نامەی دڵ ئەکێڵن.
- ڕێی من.. کوێ بێ؟

* * *

چڵ سەوز ئەبێ و
هەناسەی گوڵ ئەکرێتەوە.
کێو بەرز ئەبێ و
چەپکەخوێن لە یەخەی نشێو ئەدرێتەوە.
- کەی پۆستەری گیانی بەهار
بە دیواری ساڵی نوێیا
هەڵئەواسرێ؟

* * *

دەنگێکم.. لە خیابانی کشوماتی
مردنا جێم نابێتەوە.
ئەبێ ئاهی کێوی بێستوون
لە دڵما بێ و
جارێکی تر خوێنی فەرهاد بڕژێتەوە.

ڕەنگێکم.. لە تابلۆکانی بیکاسۆدا،
وێڵ بووم و خۆم ناناسمەوە.
ئەبێ دەرگای خۆشەویستی
گۆڕی جوولێت بکرێتەوە.
هەواڵێکم..
ڕێی هاتنم لێ تەنراوە.
ئەبێ دەزگا بێتەلەکانی سبەینێش
وشەکانی بڵێتەوە.
مناڵێکم..
نەخشەی سنگم دڕێنراوە
ئەبێ شەختەی ناو دەماری
سنوورەکان بتوێتەوە.
غەریبێکم..
ئەمەوێ لە ئاوارەیی سۆزی ناڵەی
گۆرانییەکانی ئێرەدا،
جارێکی تر.. ڕێگای سەختی
پڕ ئاشووبی ژیانەوە...
بگرمەوە.
دەروێشێکم..
ئەمەوێ لە ڕسوایی ئەم
شارە خەونی سەرشێتەدا،
کەشکۆڵ و عەسای لێ تووڕ دەم..
ئەمجارەیان.. پرچ و ڕیشی
مەسیحێکی هەڵسانەوە...
بهێڵمەوە.
هەتا بە ژان: بزەباران

به مەرگ: ژیان
بە ژیلە و گڕ
نەء.. بە شیعر
شناسنامەی گەڕانەوە..
لە بناری چۆڕاوگەی تەما
وەرگرمەوە.
باوەش بە شێرکۆ بێکەسا
بکەمەوە و
تێر.. تێر بگرین.
حوسێن عارف بدۆزمەوە و
تێر.. هەڵپەڕین.

١٩٧٨

## لە کوێم

وڵاتەکەم.. ئافرەتێکە،
مەمکەکانی.. دوو دەریاچەی پڕ زووخاوە
((منیش هێشتا، شیرەخۆرەم))
- دایە! لە کوێیت؟
دڵدارەکەم.. سنوورێکە،
بست بە بستی بە تەلبەندی پەشیمانی داچێنراوە
((منیش تازە هەرزەیەکی ئەو ڕێ کوێرەم کە نامەی دڵداریی تری تیا سووتێنرا
پێغەمبەری تیا فرۆشرا))
- خوایە! لە کوێیت؟
دایە! پێیان وتم: ئەمریت!
وتم: لە کوێیت؟
کاتێ.. مردم؛ پێیان وتم:
لە نێوانی ڕێگای دۆزەخ و بەهەشتا
کامیان ئەگریت؟
وتم: هیچیان..
چونکە لەناو زامەکانی نەخشەی لەشتا
بەغدا و تاران..
ئەستەمووڵ و شامیش گەڕام،
هەر نەمزانی ئاخۆ لە کوێیت؟

* * *

خوایە! پێیان وتم: ئەژیت!

وتم: لە کوێیت؟

کاتێ فەرمان درا بژیم.. پێیان وتم:

لە نێوانی باخی خەم و بیابانی پێکەنینا؛

چ لایەکیان هەڵئەبژێریت؟

وتم: هیچیان..

چونکە لەناو تابلۆکانی خەوبینینا

بۆ تۆ گەڕام

ڕێی مەرگ و ژینم لێ ون بوو،

دە پێم بڵێ.. ئاخۆ لە کوێیت؟

لە شوێنێکم..

جێی هەناسەم نابێتەوە.

لە شوێنێکم..

پەنجەرە بۆ پاساری دڵ ناکرێتەوە.

لە شوێنێکم.. بێناونیشان

نازانم ژیانە.. یاخود ڕێگای نەمان؟

* * *

تەنیا خۆمم،

نازانم.. کام ڕێگا ئەمبا؟

کام ڕەشەبای ئاگراوی هەڵمئەگرێ؟

کام شمشێری ژەنگهەڵگرتوو هەڵمئەدڕێ؟

ڕاستە.. مۆمم،

بەڵام.. کام ژیلەمۆی فرمێسک هەڵمئەکا.

* * *

دەنگم.. لەگەڵ شڵپەی خوێنی

چواردەساڵەی چرۆی ئاواتەکانمانا..
لە کاروانی خەمی گوڵی
نەورۆزا ڕەنگ ئەداتەوە.
ڕەنگم.. لەگەڵ ڕوخساری ڕێی
دوانەهاتووی ماندووانا..
لە کەرویێشکەی کەژاوەی مەرگی نیگارا،
دەرگای بەستی تەوژمی خۆر ئەکاتەوە.
ژانم.. لە تویێی بزەی لێوا،
سویێی داهاتووم ئەخواتەوە.

* * *

ئەمجارەش توولەڕێی کێوی هیوا ئەگرم،
گیانم.. لەناو گۆڕی خۆیدا،
چەکی مردووم ئەشواتەوە؛
هەوراز ئەبڕم.

١٩٧٥

## پیشکەشە بەو شۆڕشگێڕانەی هێشتا نەمدیون

ئەی خەرمانەی
ئەو چاوە پڕ هیوایانەی لەگەڵ هەورن!
ئەی هێلانەی
سەر درەختی باڵەفڕێی
هاژەی دەنگەکانی گەروو!
ئەی ئەوانەی
جێ پێی سەرچاوەی خوێن ئەگرن!
ئەی دوا وانەی
منداڵانی (چوار ڕاهی) خەم..
ئەی شەماڵی سەرهەڵگرتوو!
لە ڕۆژێکا، هاشە و هووشەی
درۆی - ڕەستاخیز - خەریکە
داشقەکانی خیابانی شاری بەفر
هەڵبلووشی،
کووچەکانی شەوانی دڵ پڕ چریکە..
زێ ئەخنکێ و هەتاوی بزە ئەسووتێ
لەکاتێکا، سێدارەکان
ماندوون ئەوەندە هەڵبخرێن..
هەناسەی تر
ماون لە ڕێی ماچی خۆرا هەڵبواسرێن.

هەن بکوژرێن..
هەن تا ماون لە زیندانا شیعر بڵێن
هەن وەک چرا.. هەڵبگیرسێن
بەڵام.. لە کوێن؟
هەواڵەکانی ڕۆژنامەی
مەرگی (قازی)،
گۆرانییەکمان فێر ئەکا:
( کەسێک ڕێی خۆر بگرێ ئەبێ
بە تەلیسمی شەوا بڕوا..
وازنەهێنێ لە گیانبازی).
چاوی پرسیار..
دەفتەرەکانی ڕابوردوو،
یەک بە یەکیان ئەکاتەوە.
تەلی وشەی بارانی زار..
دروشمی نوێی ڕوانگەی دڵ
لەسەر گۆڕی خۆکوشتنی ڕێگای عیشقا،
بەفری خۆری زریانەکان ئەخواتەوە.
خسرەو روزبە لە کام گۆڕی دڵا نێژرا؟
ئەی چەقۆکانی ڕازمارا لە کێ درا؟
چۆن دەستڕێژ لە شیعرەکانی
گوڵسورخی کرا؟
کێ پۆستەی تەرمی موعینی
خستە بەردەم سێدارەی شا؟

* * *

ڕێبوارێکم.. نازانم چۆن بتانبینم
زمانێکم.. نازانم چۆن بتاندوێنم

لە کوێن؟ هەتا جێگاگوللەی سەر سینەتان،
بە کل بڕژم.
لە کوێن؟ هەتا سەر گۆی مەمکی بۆمباکانتان،
تێر تێر بمژم.
ئەڕۆم.. خەمی بینینەوەی پەڵەخوێنی
ڕێگاتان لەگەڵ خۆم ئەبەم
ئەڕۆم و گڕ
لە بێدەنگی خیابانی دڵ بەر ئەدەم
ئەڕۆم.. بەڵام ئەمجارەیان
ئاڵای گەنم ئەهێنمەوە،
داستانی هەڵچوونی ئێوە..
ئەنووسمەوە.

* * *

ئەچمە (کرمان)
زرێی ئاسن بۆ هەڵوێستەی شیعرەکانم
بە خوێن ئەکڕم.
ئەچمە (سابڵاخ)
فرمێسکی سەر گۆڕی شاری بێبارانی
هەناسەی باخ.. بە گڕ ئەسڕم.

١٩٧٥

## ئاوێنەی هیوایەکی سەرهەڵگرتوو

١

گیانە! کاتێ بیر لە ژانی
ڕازەکانی دووریێتی تۆ ئەکەمەوە..
بزەکانی شایی ماتەم،
دیسان ڕێژنەی هەڵبەستی خەم
لە دووتوێی داستانی مەرگی..
بێ گۆڕی ئاوارەییمان ئەخوێننەوە.
ناو.. ڕێگای تەم
ئەبینێت و
هەنگاوی تیری بۆ ئەنێ.
چاو.. تابلۆی شەم
ئەکێشێت و
جۆگەی خوێنی بۆ ئەتەنێ.
گۆی.. گۆرانیی
بەر بەرۆچکەی نیوەڕوانی
ماندووبوونی کۆلانەکان،
ئەبیستێت و
جێی ناهێڵێ.
زێ.. شەپۆلی وشەکانی
پەڕەی هەور ئەنووسێت و
پردەکانی هیوای درۆ ئەڕووخێنێ.

* * *

بووکی شار.. خەونە و خەیاڵە
ماڵەکانی
گەڕەکی ژان..
پڕن لە شیوەن و ناڵە.
کۆترەکانی لانەی سنگمان
حەزیان بە باڵەفڕێیە..
بۆ بینینەوەی سەردێڕی نامەی کاروان
هێشتا تویێشووی گریان پێیە.

**٢**

کاتێ پۆستەی زستان هات و
ژیلەی دەنگی تۆی بۆ هێنام.
تێر.. تێر گریام.
کە پەڵەی فرمێسکی قەتیس
لە باوەشی خۆری سوورا،
شکۆفەی کرد و وادەی هات..
وەرزی پاراوی بەهار و
تۆفی دڕکی بیابانێک..
لێک جیا ناکات.
- مەگری! گریانی تۆ لێرە
قەدەغەیە؛
چونکە هەنسکیش لەم ناوە
هەر بەناو پەناهەندەیە.
(( ئەگریم.. چونکە پەنجەکانم چلوورەن و
دەرگای گڕی دۆزەخیان پێ داناخرێ.
هەناسەم.. کڕێوەی بەفرە و
ئاگردانی ساردەوەبووی،
سووتووی لاشەی یەک گوللەی پێ هەڵناکرێ. ))

* * *

(کە سێبەر.. گۆڕی هەتاوی
گیانی شەهید دائەپۆشێ،
پۆلەچۆلەکەی ئێوارەی مات ئەخرۆشێ.)

* * *

- شەوە.. کێ ئەتوانێ مەنگیی
ڕەهێڵەی دڵی ئاسمانی،
بخواتەوە؟
خەوە.. کێ ئەتوانێ شەرمی
ناوچەوانی دۆڕاندنی،
بشواتەوە؟

**٣**

کاتێ.. ڕێ، هەست بە چوارناڵەی
جوانووی مێژووی نەورۆز ئەکات؛
نمەی باران..
بۆ: دەریای چاو
شنەی سێبەری قارەمان..
بۆ: بەر سێدارەی هەڵخراو
پەپوولە.. بۆ: بەهەشتی باخ،
منیش بەرەو لای تۆ ئەبات.
( کە یاد.. ئەڕوا بۆ قووڵایی
کاتێ بەر مەمکانەی تەمەن،
خەرمانی زار..
هەتاوی زام
پۆستەی هاوار..
لێوی مەرام
وەک هەرێزی بۆ سووتێنراو..
سەر هەڵئەدەن.)
– مەگری چاوی تۆ مناڵە...
((ئەگریم.. چونکە هاواری دڵ
لەناو گەردەلوولی دەریای
باخی خەما.. بۆتە ژاڵە. ))
ئەگریم.. بۆ ئەو هۆنراوانەی،
لەلای ئێوە بەجێم هێشتن.

ئەگریم.. بۆ ئەو فرمێسکانەی،
بۆ تەنیایی خۆمم ڕشتن.
ئەگریم.. بۆ ئەو دایکەی خۆزگەی
بینینەوەی منی لەگەڵ
مەرگی ناکاوی خۆیا برد،
نەخێر.. بۆ ئەو نیشتیمانەی
منی ئاوا دەربەدەر کرد.

١٩٧٦

## ڕێگا دوورەکانی چاومان

گیانە! دوورم،
خەونەکانی دوێنێ گۆپکە
بە درەختی زامەکانی ئەمڕۆم ئەگرن.
پەپوولە ئاوارەکانی
دوورەباخی ماچەکانمان،
باڵەکانیان خوێنی تارای
بزەکانی لێوم ئەسڕن.
وشەکانی شیعری ئێستام،
بە ئاسمانێکا هەڵئەفڕن..
لە من و تۆ..
لە گیانبازانی ڕێی عیشق،
چاوەڕوانی هەڵوەرینی هێشووی هەورن.
دوورم.. هەر نیگایەک لێرە،
دێڕەکانی ناو دەفتەری منداڵیمان
لەت لەت ئەکا.
((بۆ لای پەریزادەیەکی ترم ئەبا))
دوورم.. هەر چرپەیەک لێرە،
یادەکانی سەر کۆڵانی هەرزەییمان
پەرت پەرت ئەکا.
(( بۆ سەر ڕۆخی دەریایەکی ترم ئەبا ))

دوورم.. هەر چرایەک لێرە،
هەموو شەوێ سنووری دڵ بەجێ دێڵێ و
خەونەکانی وشیاریمان ئەسڕێتەوە.
((بۆ لای داستانی تۆم ئەبا))
دوورم.. هەر بڕوایەک لێرە،
سەرووی هیواکانی دووکەڵ.. بە تەورێکی
ئەم سەردەمەی دڵداریمان ئەبڕێتەوە.
((بۆ لای هەڵسانی خۆم ئەبا))

* * *

گیانە.. چەقۆی تۆڵەی مەرگی دڵداریمان
سەرلەنوێ خۆی لە هەسانی زبری سنگی
نوشستیمان.. ئەسوێتەوە.
ئەوا ڕێگا دوورەکانی دووتوێی نەخشەی
ڕازەکانی ئەمجارەمان
باوەشی بۆ هەنگاونانمان.. کردۆتەوە.
بانگمان ئەکەن..
تا سەرەتای داستانێکی تر دەست پێ کەین.
بانگمان ئەکەن..
تا کاروانی دڵدارانی هەتاو ڕێک خەین.
بانگمان ئەکەن..
باخی سنگی گۆرانییەکانمان ئاو بدەین.
بانگمان ئەکەن..
جوانووی دەنگی برووسکەکانمان تاو بدەین.

* * *

خۆشەویستی..
شۆڕەسواری خۆی لە هەموو هەورازێک و
نشێوێکی شارەکانی شەوا هەیە.
خۆشەویستی..
ڕووباری خۆی لە کیشوەری
تینووی چڵە بزەکانی خەوا هەیە.
گیانە.. شەوە!
خەرمانەی مانگ وشەکانی ئێوارەمان
بۆ ملوانکەی گەردنی خۆر،
بە تاڵەدەزووی فرمێسکی
دووریمان ئەهۆنێتەوە.
گیانە.. خەوە!
هەناسەی بانگ،
نامەکانی دڵداریمان..
بۆ تێشووی سەفەری دووری
ئەمجارە ئەپێچێتەوە.

* * *

ئەمجارە.. دڵ
گەڵاڕێزانی ئەستێرەی گەرداوی ژیل،
لە ئاوێنەی شڵپەی خوێنا..
ئەکاتە ئاڵای بارانی
گەرووی پەڕەسێلکەی تینوو.
ئەمجارە.. باڵی هەنسک و هاواری چڵ
هەواڵەکانی بەر دەرگای
پۆستەخانەی هەناسەی دیل،
لەناو پۆلی دڵدارانی

ئاوارە و بێسەروشوێنا..
ئەکاتە وانەی یەکەمی
عیشقی پڕ لە هەڵۆی ئومێد
هەڵۆی باڵ نەخشەی ڕەنگاوڕەنگ.

١٩٧٧

## تێگەیشتنی یادگارەکان

بە بیرم دێ.. کە منداڵ بووم
چرپەیەکی بەبێ باڵ بووم
خەمم ئەدی.. بۆی ئەژیام
بزەم ئەدی.. بۆی ئەگریام
ئەوسا پەپوولەی باخێ بووم
نەء.. ئاڵای ڕێگەی ئاخێ بووم
ئەمویست.. گوڵە مێلاقەکان،
سنگیان بۆ من بکەنەوە
نەخێر ئەمویست.. وتەکانم،
زامەکانم بدۆزنەوە.
قوتابی بووم.. هەستم ئەکرد،
باسی مێژووی خۆم ناکرێ
ئای کە مێژوو درۆزنە..
بۆچی ناوی کورد نابرێ؟
پەپوولە بووم.. نەمئەتوانی،
شیری مەمکی گوڵێک بمژم
قوتابی بووم.. نەمئەتوانی،
درۆکانی مێژوو بکوژم.
مامۆستاکەم لە سینەیا بۆ یەکەم جار..
باسی (( مارتن لۆسەر )) ی کرد،

ئیتر ون بوو.. منیشیان بۆ:
قوتابخانەی دەستپێکردنی ژیان برد.

* * *

لەناو پۆلا کە باسی (( میرابۆ )) ئەکرا
مۆمی بیری (( مارتن لۆسەر ))
جارێکی تر
لە ڕێگای هەڵسانەوەما.. دائەگیرسا
بە نهێنی کە باسی ((کومۆنەی پاریس))
لە ڕۆژنامەدا ئەنووسرا،
هەڵچوونەکەی ((مارتن لۆسەر))
جارێکی تر
لەناو شیعری شۆڕشەکەما دەست پێ ئەکرا.

* * *

ئێستاش کە من وەکو کوردێک..
باسی مارتن لۆسەر ئەکەم
زۆر حەز ئەکەم
گیانی لۆسەر لێرە بووایە
وەک من.. وەک تۆ
وەکو ئێوەی هەموو دنیا، بماندیایە
دەستمان لە ملی کردایە
شۆڕشێکی تازەمان دەست پێکردایە.

١٩٧٦

## دووری

شەوێ نییە..
پەنجەکانی،
ئازیزی دوور
لە دەروازەی دڵم نەدا و
چاوی نوستووی هیواکانم،
لەسەر ڕۆخی خەونەکانا..
هەڵنەسێنێ و
نەمباتەوە..
ناو کۆڵانی سەرهەڵگرتووی
کاروانی ئەو ئەستێرانەی،
کوژانەوە
نەخێر.. بەژنی ئەو مۆمانەی،
توانەوە.

* * *

ڕۆژێ نییە..
ورشەکانی،
ئاسۆی سوور
باڵی هەناسەم هەڵنەکا و
لانەی مەلی سەرگەردانم
لە تارمایی یادەکانا..

هەڵنەفڕێنێ و
نەمکاتەوە..
نەخشەی وڵاتێکی سووتووی
ڕێی دوێنێی ئەو پشکۆیانەی،
ناکاوێک دامرکانەوە
نەخێر.. تەرمی ئەو خۆزگانەی،
بۆ لای یادیان نەبرانەوە.

* * *

ئەزانم ڕێی،
ماچی لێوی خۆرهەڵاتی شارەکەم
.. ترسناکە.
ئەزانم زێی،
پەڕینەوەی بەرەو لای خۆشەویستەکەم
.. زۆر سامناکە.
ئەزانم ڕووی،
نشێوەکانی سەر سنگی بەهارەکەم
.. بێ گوڵزارە.
ئەزانم برووسکەی جوانووی
ناو چاوی کوردستانەکەم
.. بریندارە.

* * *

ڕەنگە.. وا زوو
نەگەمەوە،
سەر ئەو گۆڕەی..
ئەم فرمێسکەی بۆ ئەڕێژم.
ڕەنگە.. وا زوو

نەگەمەوە،
ناو ئەو وەرزەی..
شەتڵی هیوای نەورۆزی نوێی بۆ ئەنێژم.
بەڵام.. کڕێوە و زریانی
چیا سەربڵندەکانم..
هەمیشە لەناو چاودایە.
ئاودامانی،
وڵاتی هەژارەکانم..
وەکو سێبەر لەگەڵدایە.
لافاوی ئاگر هەڵسانی،
ناو جەرگەی سەنگەرەکانم..
لە ناخدایە
لە ناخی گەرم و ڕووندایە.

١٩٨٨

## زەماوەندی باوەش پیاکردنەوە

چرپەی پەری
یادەکانی ئەودیو وێنەی،
پەنجەرەی شەو..
چاوی پەیکەری پڕ ناسۆر
تابلۆی شاری بێرەنگ و بۆی
تارای زەردی ئێوارەی خۆر
.. ناکەنە خەو.
تارمایی هاتوچووی نامە بێناونیشانەکانی
ناو کۆلانی چڕ،
هەواڵنامەی ئەرخەوانی
ئەو ناوانەن.. هەرگیز نامرن.
پاسگا و قەلای یاساوڵە قەڵغانپۆشەکان ئەدەنە
بەر برووسکەی ڕقێکی دڕ،
بام هاواری لقوپۆپیان..
خپ کەن، ببڕن
بەلام... ڕەوتی ڕەگی قووڵیان
باڵی ئاسمانی سینەیان
یەک ڕێ ئەگرن..
هەر بەرەو پۆستەخانەی دڵ،
ئەڕۆن.. ئەفڕن.

* * *

کات.. شەوگارە
دەرگای شاری
گریان نەخشەیەکی سووری زریبارە.
چرا.. بەرگی بەفری لێوی
زریانێکی نوێی پۆشیوە..
گۆڕی وشە شەهیدەکان،
سەنگەری ئێسکوپرووسکیان هەڵچنیوە.
گیانە! منیش ئەم چەند دێڕەم
لەم دوور تۆیی و
ژیانە پڕ تاڵ و سوێییەم
بۆت نووسیوە.

* * *

تێنەگەی.. من
ترسی مردن،
ئاسۆی نیگا و
بزەی خۆری پڕ لە هیوات..
لە شیوەنی خوێن و خەمی
ڕۆژی ڕەشا... نەناسمەوە.
نەخێر.. ڕێگات
چەندە دوور بێ، ئەوسا نمەی
ئارەقەی زامی هەنگاوی ناوچەوانم..
بە ورشەی باڵی پەپوولەی نەورۆز ئەسڕم.
ڕەنگە.. بمرم
بەڵام، سەرەتاتکێی دەمەو بەیانی ئەو چەپکەگوڵەی...
ساوایەکی تفەنگ بە شان بۆم ئەهێنی،
خوێنی پەنجەی سەر پیلکەی خۆڕاگرتنی

بیر و بڕوام ئەبزووێنی..
جارێکی تر... ئەمکاتەوە
بەو سەربازە.. بەو شاعیرە،
بەو ڕووبارە ئاوارە و بێسەروشوێنەی
باوەشت پیا بکاتەوە.

* * *

گیانە!
تۆ هەناسەی ئەو داربەڕووانەی کە:
سێبەریان لەگەڵ شەپۆلی
دیجلەدا نارەوێتەوە.
لووتکەی چیای هەندرێنی
ئەو گوڵاڵە سوورانەی کە:
نە دۆزەخ و نە بەیاخی هەوری چڵکن
ئارایشی هەڵچوونەوە،
لە ڕوخسارتا... ناسڕێتەوە.
جریوەی ئەو پاسارییانەی،
دەنگەگیانی هۆنراوە لە تاریکی قوڕ و لیتەی ناو زیندانا
کۆ ئەکەیتەوە..
بەهار بەرەو زەماوەندی دڵدارانی
بووکی خۆشەویستیی خاکمان ئەبەیتەوە.

١٩٨٠

## ڕۆژگارە سەرگەردانەکان

هەموو ڕۆژێ..
چاوم لەبەر کوشتوبڕی
سلفادۆر و لوبنانێکی
گڕ هەڵسانی
هەواڵی تەلەفزیۆنا،
ئەبێتە کانیی فرمێسک و
بەسەر ڕووی چرچولۆچبووما
ئەڕژێتە ناو بوارێکی
ونی دوای خەونەکانەوە و
ئەتوێتەوە.

* * *

لە دیمەنی هەر.. مەرگێکا
دەیان تەرمی هێشتا زیندوو
لەسەر ڕێی ژیانەوەدا،
ڕاوێستاون.
لە کپبوونی هەر.. دەنگێکا
سەدان نەڕەی گەرووی تینوو
لەبەر دەرگای زبان هەڵهێنانەوەدا،
ڕاوێستاون.
لە تابلۆی هەر.. هەڵچوونێکا

هەزار بنکەی بە خوێن سووربوو
لەم نەخشەی کوردستانە لەت کراوەدا،
ڕاوێستاون.

* * *

خۆشەویستیم وەک مەلۆتکە
لەناو بێشکەی دڵی دایکما
بە دەسرازەی
جۆگەی خوێن ئەپێچرێتەوە.
(من ساوا نیم
بمشارنەوە..
من دەم و لێوی تفەنگ نیم
هەرکە ویستتان.. بمدۆزنەوە
سەرنیشانی ڕێگایەک نیم
بە ئاسانی.. بمسڕنەوە. )
- تەنیا.. باڵەفڕێی خۆزگەی
هەنسکێکی گەڕانەوەم..
بۆ ناو باوەشی پڕ ئۆخەی
سەردەمێکی ئاشووباوی ژیانەوەم.

* * *

کە دێمەوە بەر سەیوانی
شاری زوقم و ئەرخەوانی
نەورۆزێکی راچەنینا..
مەپرسن! کێ؟ منی هێنا.
- دڵم لانەی حەوانەوە و
کڕبوون نییە.
وشەم چۆکی پاڕانەوە و

سڕبوون نییە.
من حەسرەتێکی سۆراخی
پەڵەهەوری ناوچەوانی
مەرگی شەهاب و جەعفەرم
گوللەیەکی پڕ لە ئاخی
کوردستانی
پڕ نەشتەرم.

١٩٨٠

## وەرام

ئاخۆ.. کەی بێ؟
ئەو هەورانەی
لەناو چاوی بەهاری بەندا قەتیسن،
ببنە ڕووباری هەنگوین و
برژێنە ناو دەریای سنگی
باخی هیوای هەڵبەستە تینووەکانەوە.
ئاخۆ.. کەی بێ؟
ئەو وشانەی
لەناو گەرووی بەهەشتی زامدارا وێڵن،
ببنە تفەنگی هەڵچوون و
بچنە سەر شان و ناو دەستی
سەنگەرە برسییەکانەوە.

* * *

کەی بێ؟ چرکەی..
تەمەنی پڕ مەینەتی ئەم جیهانە،
لە داستانی ملیۆنی سالاّ ڕاوەستی و
نەخشەیەکی ئاوریشمینی
پڕ پێکەنین
بەسەر ڕووی زەمینا بدات.
کەی بێ؟ خۆزگەی..

ئاڵایەک بێ و ئەم ژیانە،
لەناو نۆتەی گۆرانییەکا هەڵبستێ و
ئاوازێکی ئاگرینی
هەڵمەت و تین
لەناو چرای گیانا هەڵکات.

* * *

کەی بێ؟
کەی بێ؟
وەرامی ئەم پرسیارانە
لە دایک بێ.

* * *

ئەبێ.. لێوی وشکهەڵاتووی
سواڵکەرەکان..
هەڵبێنەوە.
ئەبێ.. زامی هێشتا زیندووی
پێشمەرگەکان..
بکرێنەوە.
ئەبێ.. عیشقی دوا نەهاتووی
دڵدارەکان..
لاشەکانی گۆڕی دوێنێ هەڵسێننەوە.
ئەبێ.. ڕێگای ماندوونەبووی
هاوارەکان..
مژدەی بووکی شایی وەرام بهێننەوە.

١٩٧٨

## هەنگاوی زام

چۆن بتوانم..
زامەکانی خەمی دووریێتی سارێژکەم
ماچی لێوی نەورۆزی گڕ..
لە شەپۆلی خوێنا چێژکەم.
چۆن بتوانم..
ڕێگای تەمی هەنگاو بەرەو
هەتاو ببەم،
ئالآی دلداری هەلبکەم.
چۆن بتوانم..
چرپەی شیعری خۆشەویستی،
لەبەر دەرگای دلا دەرخەم.
کەژاوەی بووکی هیوا بە چیای خۆری
خەونا سەرخەم.

* * *

زام:
لێوی ئاگرم ئەوێ
ڕێ:
هەتاوی چڕم ئەوێ
چرپە:
ڕووبارێکی هێجگار خوڕم ئەوێ

* * *

چۆن بتوانم..
هەناسەی باخی سنگ ئاو دەم
بێ ورشەی سێبەری سەلام عادل هەڵکەم
چۆن بتوانم..
بە دۆزەخی پۆلیڤیادا گوزەر بکەم
داستانی مەرگی مرضیە لەبەر بکەم
چۆن بتوانم..
ڕێگای گۆڕی شاسوار جەلال بدۆزمەوە
بە فرمێسکی سەرگەردانی
چاوەکانی لاپەڕەی ژان..
لە هەڵوێستی یەک دێڕ خوێنا
گرد کەمەوە.

* * *

باخ:
هەناسەی گوڵی ئەوێ
دۆزەخ:
مەرگی دڵی ئەوێ
گۆڕ:
چوارچێوەی
تابلۆی وێنەی
پەڵەیەکی خوێنی ئەوێ.

١٩٧٨

## هەڵوێست

گیانە! ئەگەر،
هۆنراوەیەک بهۆنمەوە
یان داستانێک...
دوور لە یادی پەژارەی تۆ بنووسمەوە
وشە.. وشەی ئەو ڕازانە
ئەکەمە پیاڵەیەک ژار و ئەیخۆمەوە.

* * *

گەر دێڕ نەبێ
بە سەنگەری پێشمەرگەی دەنگ
دەنگیش نەبێ
بە تووڕەیی ژانی تفەنگ
یەک بە یەکیان گرێ ئەدەم
ئەیانکەمە.. کڵافەی ئەڵقەی سێدارە و
لە گەردنی خۆمی ئەخەم.

* * *

شاعیرەکان
ئەگەر ڕێچکەی شەهیدانی
کاروانی خەم نەناسن و
لێی ڕابکەن..
ئەبێ سەرجەم شیعر بەسەر
(تانەی ڕەش)ی بەر چاوی بەهارا هەڵدەن.

* * *

لەوانەیە..
لە ناکاودا،
بێنە ناو سنوورەکانی ژیانمەوە
دەرگا و پەنجەرەم لێ داخەن
ئاسۆی سەر ڕووی پەڕاوەکان بسڕنەوە
لاشەی خامەی یاخی ڕاخەن
تابتوانن ئازاری بەن
داوای ناوی پەنجە و جێگەی مێشکی لێ کەن؛
بۆیان هەیە.

* * *

بۆیان هەیە..
ئۆکسجینی ناو ژوورەکەم لێ زەوت کەن
قەوانەکانی ئەلبوومی
خەونی ڕێگام، لەتوپەت کەن
هەڵپروێنن
پەڕەی گوڵی یادگاری نامەکانم
تیرئاژن کەن
هەناسەی هاوڕێیانی ناو وێنەکانم
وەک قالۆنچە
بەناو ڕەنگی تابلۆ هەڵواسراوەکانی
سەرچنارما بێن و بچن؛
گیانە! مێژووی دڵداریمان لێ بدزن.
بەڵام هەرگیز.. نەء ناتوانن
تەوژمی وشە هەڵڕشتن
بۆ کوردستانم ڕابگرن.

١٩٨٣

## نەورۆزی خۆزگە

**( نەخشەی دڵی هەموو کەسێک، هەزار و یەک شارە خۆزگەی تێدایە. دڵ هەیە؛ زوو لەشکری خۆزگەکان، دەرگا قەبە و ئەستوورەکانی هاتنەدی ئەشکێنێ و ئەیکاتە پایتەخت. دڵیش هەیە؛ هەتا لە لێدان کەوتنی.. هەر گوێ قوڵاخی ترپەی پێی مژدەیە.. ئاخۆ شنەی ئاڵای نەورۆزی خۆزگە؟ کەی.. چوار دەرگای دڵمان ئەکاتەوە؟)**

١

ئەڵێم: خۆزگەم
گەشەی مۆمێکی سەر سینی
تەمەنی سەر دەستی دڵی
نۆبووکی شایی بوومایە
تەڵێ تارای گەڵای شینی
وەرزی سینەی پڕ لە گوڵی
باڵای بینایی بوومایە
هەزار خۆزگەم
ورشەی تاڵێ لە ئەگریجەی
گەلاوێژەکەی هاوینی
ڕووی گۆنای خەون بوومایە

وزەی پەڵەی پڕ برووسکەی
هەوری ناو مژدەی زایینی
بەهاری جەژن بوومایە
((سواڵکەرێکی ڕووت و چڵکن
هەگبەی دڵی پڕ بوو لە سکاڵارِشتن
سواری پشتی شەقام بووبوو
ئاڵای نانی هەڵکردبوو))
- بنکەی ڕازی دڵدارەکان
... لە یەک دوورن؛
ڕەگ و چڵی گوڵاڵەکان
چاوەچاوی هەڵهاتنی خۆری سوورن.

* * *

خۆزگەکانم
وەک هەنگاوی کوێرێک وایە
ڕێی دووری بەرەو ڕووناکی
بە گۆچانەکەی بپێوێ
.. یان وەک نەڕەی شێرێک وایە
لە جەنگەڵی تەنیا و تاکی
خەمی بەزینا بشێوێ.
وەرزی خولیا و حەزەکانم
وەکو لەنجەی
هەڵمی سەر دەریایەک وایە
ئەڕوا و ئیتر،
وەک جارانی... نایەتەوە.
.. وەکو زامی پڕ ئەشکەنجەی
هەڵۆی سەر چیایەک وایە

چاوەڕوانی گۆشتەوزوون بێ و
بەرەو ژووروووی بباتەوە.
((نانی هەرزن
بۆتە کفنی ئەوانەی ژین
بە مەرگ ئەکڕن
.. هەر کاروانی هەژارانە و
ژەمێک پشکۆ لە پریاسکەی
نهێنییان ئەئاخنن)).
- هەواڵی خەونی شارەکان
هێشتا بەندی شەوێکی ئەنگوستەچاوە
ناڵەی جوانووی شۆڕەسوارانی مەریوان
هێشتا.. گرشەی خۆری هیوای لێ نەپژاوە.
* * *
چاو لە ئاستی نەخشەیەکی دڕێنراوا،
چۆن فرمێسکی بکاتە ڕێی دۆزینەوە؟
گیان لە بەردەم کەشکەڵانی چوار دیواری
دڵێکی شەقار کراوا،
چۆن ببێتە باڵی حەزی
مەلی هیوای پەڕینەوە؟
دڵۆپەئاورنگی لەسەر کوڵمی زەردی
بەهارێکی سووتێنراوا،
چۆن ببێتە ڕۆژژمێری بێکۆتایی
لەسەر باڵای باخی گوڵەنەسرینەوە؟
کەژاوەی پەڵەژانێکی
مێژووی نووح لە گۆڕی ناو دڵ هەڵکەنراوا،
چۆن هەڵگەڕێ بەسەر لووتکەی ئاراراتی

خزی پڕ لە بەفرینەوە؟
(( خۆزگە بۆتە بەهەشتێکی ناو کۆماری
ئیفلاتوونی ئەم سەردەمە؛
چەندە ڕێژنەی خوێن و گڕی
بۆ برێژرێ هێشتا کەمە.
وا سەدەی بیست پەچەی ڕووی خۆی
لەسەر نەخشەی چارەنووسیا دائەدڕێ؛
کەچی تازە کەوشەکانی مۆزەخانەی
بیری مارکس لەلای ئێمە ئەکەونە ڕێ)).
- جۆگەکانی تەمەنی وڵاتی بێزار
بۆ سەر مەزاری داستانێ مل ئەنێن و
لە ڕەگەوە.. بەرەو باڵا
وەکو لاولاو لە یەکتری ئەئاڵێن و
ئەبنە سەرچاوەی ڕووباری پەرژینی شار.

**٢**

سەیر! تەمی
بەیانیانی
لەرەی گۆنای پەنجەرەکان،
لە لافاوی
کۆچی تیشکا
هێشتا هەورن.
سەیر! خەمی
ئێوارانی
هەناسەی ژێر چنارەکان،
لە گێژاوی
دارستانی شەوی ئێشکا
هێشتا تەورن.
سەیر! چۆن ژان
ئاودامانی
گۆرانییەکان
لە گەرووی ئۆرکستراکان.. دائەماڵێ.
سەیر! چۆن گیان
لەگەڵ لاشەی گۆڕەکانی
تەمەنی بێناونیشان
لێک ئەئاڵێ.

* * *

- لە ڕوانینا..
بەرەو لووتکەی
پەری کێوی
پیاهەڵگەڕان
جۆگەی خوێنی
نەمامێکی تفەنگ بەشان
بەدی ئەکەی
ڕێ ون نەکەی!
لەسەر شانۆی خەوبینیا..
پۆستەهەڵگرێکی سبەی
پوولی پێڵووی
سوارێکی پشت پەردەی زریان
بە مزگێنی
ئەخاتە بەر دەرگای ژوان
بۆ ئەو عیشقەی
خۆتی لەسەر بە کوشت ئەدەی
* * *
هەر ئەبوو کڵپەی تووڕەیی نەورۆزی گڕ
لەناو بێشکەی
منداڵانی زەردەشتێکی بێدەنگییا،
هەڵگیرسایە.
هەر بەو جۆرەش،
ئەبوو تۆف و تاوی بەخوڕ
لەناو ڕێچکەی
بەرەو باخی وڵاتێکی بێسەوزییا،
هەڵبسایە.
* * *

هەر ئەبوو.. خۆر
لە کەژاوەی
خەرمانەی زامی سەر سینەی
ئێجگار تاری
ئەودیو مێژووی سنوورەوە..
هەڵهاتایە.
هەروایش ئەبوو.. تەرمی بێمۆر
لە سای سێبەری دیواری
کوردستانێکی دوورەوە..
بنێژرایە.
- بریا.. فرمێسک؛ مەلێ بووایە و
لە شەقەی باڵی بدایە و
بگەیشتایە
هێلانەی خۆی
جا لەسەرخۆی
بسووتایە و
بسووتایە.
تا لەسەر ڕێی کاکێشانا
هەوارگەی نوێی چاوی ئەختەری هەڵدایە.

## ٣

ئێمە ژانێکی زۆر تینووی
نەورۆزی نوێین
بۆ ناو بنکەی
کاوەی سبەی
کاروانێکی بە بێ پشووی
پڕ ئاخ و سوێین

* * *

ساڵەهایە..
گڕی نەورۆز
بە خوێنی گەش هەڵئەگیرسێ
کە باڵای چڵەنێرگزی
چاوی جەژنی هەڵئەهێنی
لە خۆری ئاوێستای زەردەشتی ئەپرسێ:
- من ئەستێرەی کام ئاسمانی
سەر وڵاتی بەشکراوی ئەم زەمینەم
کام بارانی
بەهاری ئەم کوردستانە ماتەمینەم!

* * *

ئێمە خەمێکی زۆر تووڕەی دەربەدەرین
شانۆیەکی بێئەکتەرین
خوێندکارێکی بێدەفتەرین
کێلانێکی بێخەنجەرین

بەسەر تەمەنمانا ئەڕۆین
لەگەڵ مێژوومانا ئەدوێین
((وائەزانین، لێرە قرچەی هەرچی ژانە
تفەنگێکی ناو سەنگەری تێکۆشانە
بەڵام؛ نەخێر... تەنیا بە نهێنی گریان
لە گوڵدانی شیعر! ئەبێتە کوردستان))
ساڵەهایە..
گڕی نەورۆز لە دڵدایە
لە هاواری جەڕێنراوی
ناو پەتی سێدارەدایە
لە شان وەشانی ڕەنجدایە
لە هەڵسانی هەژاردایە
لە نشێو و چیادایە
لە وشیاری و خەوندایە
لەسەر نووکی..
خامە و لوولەی تفەنگدایە
بەڵام هێشتا.. چاوەڕوانی
ئەو نەورۆزەین
.. چاوەڕوانی،
ئەو ئاڵا شەکاوە بەرزەین
قەڵای ستەم ئەڕووخێنێ
خۆشیی بۆ هەژار ئەهێنێ
کوردستانمان ڕزگار ئەکا
گەلی کوردمان بەختیار ئەکا

١٩٨٧

## گەشتەهەڵوێست

ڕێ بۆ هەوارگەیەک ئەڕوا..
چرکەچرکی سەعاتی بەر باخەڵ ئەخوا،
ڕۆژ حەفتە ئەژمێری و حەفتە:
سەرێ لە مانگ و ساڵ ئەدا..
ساڵ، لەبەردەم سەدەی بیستا
مل کەچ ئەکا.

* * *

ڕێی ئەمجارە،
بۆ ژانێکە پارەپارە
بۆ بەر ژوانە کورتێکی
نوقمی ژارە.

* * *

سنوور تەنیا لەسەر نەخشەی
عەقڵی پووچی دوژمنانا..
وەک خۆی ماوە.
ئەگینا چۆن
لە گەراجی دیاربەکرا،
ئۆتۆمبێل بۆ شاری زاخۆ ڕاوێستاوە.
- سوار بن.. چاوتان
لە ئاست دیمەنی بەهەشتی

سووتێنراوا مەترووکێنن.
- بڕۆن.. گیانتان
لە دیدەنی
شاری دووکەڵ و ماتەما بخنکێنن.

* * *

کاروانەڕێ..
هەناسەبڕکێی گڕ ئەگرێ
لەتاوی عیشقی کوردستان
شانازییە، نەگاتە جێ و گەر بشمرێ.

* * *

کوردستانە شیرینەکە!
بەهارە ڕوونەخشینەکە!
ئاخۆ خەو بێ؟
ئاوا مەلی سەرگەردان و دوور هێلانە،
بە ئاسمانتا
بەسەر لووتکەی چیاکانتا
بەناو گوند و شارەکانتا
بێت و بچێ..
یاخود لەسەر کێلی گۆڕی شەهیدانتا
لەسەر شانی منالآنتا
لە سەنگەری هەڵمەتنانتا
وا هەڵنیشێ.

* * *

کوردستانی بووکی نەورۆز!
وا لە شایی ڕاپەڕینتا
ئەرخەوانی گردی سەیوان

خۆی داتەکان.
کوردستانی مێژووی پیرۆز!
وا لە ژانی نەبەزینتا
قەڵا پاشا کۆرەی میران
خۆی ڕاوەشان.

* * *

ئەڕۆن و ڕێگا بەرمەدەن!
تا نەگەنە
بەر دەرگای پڕ لە ئەشکەنجە
تووخوا باری خەمتان.. نەخەن
تا نەگەنە
لای پرسەخوازی بادینان و هەڵەبجە.
گوێ هەڵخەن!
بۆ نووزەی ئەو منداڵانەی
بەبێ مەمک و
کۆشی دایک ماونەتەوە.
سەرنجێ بەن!
لە ڕووی زەردهەڵگەڕاوی ئەو گەڕەکانەی
سک سووتاون و
تەرمی کوڵانی شەهیدیان
لەناو قەفەسەی سنگیانا
شاردۆتەوە.
سەرێ بدەن!
لەو کەپرانەی
پشکۆی چلەی هاوینی پێ درڕ نادرێ و
هەموو بلۆقە گڕدزی هەڵئاوسان.

ئەی سبەینێ..
کە وەیشوومەی زستان دادێ،
کام دامێنی کەپرەگەڵا
لە کڕێوەی بەفر و زوقما خۆی ڕائەگرێ؟

* * *

ئای.. کارەسات چەندە تاڵە
دەغڵودانی
خوێنڕژانی
پشتاوپشتمان.. هێشتا کاڵە.

* * *

هێشتا شەهیدێکی ڕێگا
بە باڵای کفنی سووریەوە
نەهاتە بەر دەرگای هیوا و
ئاڵای سەربەخۆیی هەڵکا.

* * *

ئای کە دوژمن
هێجگار زۆرن
هەر ئەوەتا..
زوحاکەکەی تەختی بەغدا
ئەژدیهایەکی حەوتسەری
پەپکەخواردووی کەللەسەری
ئاڵانۆتە گەرووی زامی کانییەکانمان
نەء.. نەخشەی کۆنی تەمەنمان.

* * *

دوژمن؛ زۆرن
بۆ ئاوێستای

سەدەی: بیر و
وتە و
کردار
هەتا بڵێی خوێنەخۆرن.
* * *
بەڵێ دوژمن هێجگار زۆرن
بۆ پەرستگای
نەوەی: مێژووی
ژین و
هاوار
با ناو نەبەین.. دیکتاتۆرن.
* * *
ئەڕۆنەوە!
تووخوا؛ ئەگەر پێتان ئەکرێ؟
گەردی خۆڵی سەر پێڵاوتان
لەو عیشقە دوور سنوورەوە
لە گیرفانی مێشکتانا
بشارنەوە.
گەڵا یادێ..
لە خەزانی
ئەرخەوانی
سەیوانی خەم بکەنەوە.
نەخشەیەکی..
وڵاتی ژان بهێننەوە!
ورشەیەکی بای هەناسەی
شەهیدانی

بەبێ وێنە و گۆڕستانی
ئەوێ، لە توێی سینەتانا گل بەنەوە!
کە دێنەوە..
هەرچی خەمی ئەوێ هەیە
هەرچی تەمی ئەوێ هەیە
هەرچی وێنەی سوالْکەر هەیە
هەرچی پەڵەی
سی ساڵ خوێنی سەنگەر هەیە
کە هاتنەوە..
هەرچی نمەی
وەرزی ئەشک و گریان هەیە
هەرچی ڕێژنەی
یاخیبوون و هەڵسان هەیە
وەک دیارییەک
بۆ ئەم شیعرە دڵسووتاوە
بهێننەوە.

١٩٩١

## ناونیشانی یادێکی کۆچکردوو

گیانە! کاتێ تۆم جێ هێڵا
دارمێوەکان
هێشووەبەرسیلەی فرمێسکیان
زەرد نەبووبوو.
سەوڵی برژانگی چاوەکان
لە گێژاوی ون و لێڵا
کلی زەماوەندی نوێیان
نەڕشتبوو.
هێشتا جریوەی مەلەکان
لە سێبەری گەڵا و چڵا
هێلانەی بێشکەی نەورۆزیان
نەچنیبوو.
کاروانچییان
لە ڕێگای بەرەو تەوێڵا
جۆگای ئارەقەی تەمەنیان
نەسڕیبوو.

* * *

تۆم جێ هێڵا..
مەگەر تۆ خۆت جێ نەهێڵا؟
ئاوێنەی ڕووی
داستانی پەریزادەی دڵت نەشێلا؟

مەگەر بۆ خۆت
ئازیزە خەوبینییەکەم!
هەر خۆت لاشەی ئەم ئەوینەت
بە گاسنی تاجی  پەهلەوی نەکێڵا؟
تۆم جێ هێڵا و گیانە ئەوسا
گولله بەسەر چەکا گریا
چەک بە بنکەدا، هەڵشاخا.
هاوار! ئەوسا
پاسەپۆرتی تۆ جێهێشتن
گەرچی بۆ سنووری بوو: ون
بەڵام هێشتا
هاڵاوی خۆشەویستی تۆی لێ هەڵئەسا.
* * *
تۆم جێ هێڵا و تازە زامی
تارای بووکی خەونەکانمان،
هەناسەی گوڵەپایزەی..
لێ ئەتکا
تازە گۆنای سوێی ناکامی
کێوی هیوای (فەرهاد)ی دڵ،
شینی مەرگی..
(شیرین) بەهارەی لێ ئەڕژا.
* * *
تۆم جێ هێڵا و
نەمئەزانی ڕوو لە کوێ کەم؟
ئازارێک بووم بەر بەرەڵا و
نەمئەتوانی پشتت تێ کەم.

خۆزگەم ئەخوارد؛ بمتوانیایە
وەک مەلۆتکەیەک بوومایە
لە باوەشتا بمردمایە
نەک شێتانە
بازم بەسەر
سێبەری خۆما بدایە.
* * *
کاتێ ڕۆییم.. گوڵەشەوبۆ
لێوی تینووی تەڕ نەکردم.
پەڵەی خەستی.. چاوی ئاسۆ
بۆ لا نیگای خۆی نەبردم.
بۆم نەکرا سەر لە ئارامگای
نەء.. پەرستگای
تاکە دڵدارەکەم بدەم
تا.. لە بەردەم کۆتی پێیا
لەبەر ڕێچکەی خوێنی ڕێیا
سەرم کەچ کەم.
* * *
جێت ئەهێڵم! ناچار.. ناچار
... چونکە بەهار
لە وەرزی شاری ژیانا،
بۆتە چەپکێ ژاڵەی پرسیار.
پرسیار لە: ناو
لە: هەڵسانی ڕێژنەی بەتاو
لە: گیانی ئۆقرە نەگرتووی
هەنگاوی ڕێی بەرەو هەتاو.
* * *

ڕۆییم.. چڵێ بزەی ڕێگا
وەک پەپوولە
بە ڕوومەتی خەمناکیما
پژا و سووتا
سووتا و پریشکێکی پشکۆ
لەناو دڵما بووە؛ چرۆ
پەڕەی ڕازی هەڵوەریوی بەر سێدارە
بووە هەڵسانەوەی ئەژنۆ.
: - بۆ کوێ ئەڕۆی؟
خەمی کام خۆڵەمێش ئەخۆی
کام سەنگەری جێماو ئەگری و
تەرمی کام شەهیدان ئەشۆی؟.
- ئەڕۆمە ئەو ئاسمانانەی
بۆ سەرچاوەی
حەوتەوانەی
پشتاوپشتم ئەبەنەوە.
- ئەڕۆمە ئەو دۆزەخانەی
ژیانەوەی
لاوانەوەی
گوڵم بە گڕ ئەشۆنەوە.
- ئەڕۆمە ئەو شەقامانەی
چاوی حەزم
ڕێبوارێکی سەرگەردانە.
ئەڕۆمە لای ئەو دڵانەی
تاسەی ڕەزم
تاڵ تاڵ ئەگریجەی بارانە.

* * *

تۆم جێ هێشت و
ئاخ! کە تاڵاوی ئەم کۆچە ڕەشەم چێشت و
ئۆخەی! پەلی مناڵە وردیلەکانم
نەء! کەژاوەی بێهەوارگەی شیعرەکانم
بۆ لێبووردن.. پڕی گیرفان
نەبردە بەر کۆشکی سوڵتان.
تۆم جێ هێشت و
ئەم هەنسکەم
ئەم پریاسکە پڕ لە زامەم
ئەتک نەکرد..
بۆ پلێپلەی لووتەوانەی
جەژنەزۆڵی حەوتی نیسان.

* * *

تۆم جێ هێشت و
سەرەتای ئەم جێهێڵانە
لای من گیانە
پڕ گریانە
پڕ سووتانە
پڕ هەڵسانە
پڕ لە تەوری خوێن وەشانە
پڕ لە هەڵۆی ئەشکەوت زانە
پڕ هۆنراوەی سەرگەردانە
پڕ عیشقی تۆی کوردستانە.

١٩٩١

## حەزنامەیەکی ئاوارە

حەزم ئەکرد
لەبەر دەرگای ئاوڕشێنا
گالیسکەی ئەم لێوە وشکە
بۆ قومێ هەواڵ ڕابگرم،
- تینووم.. ئەی هاوینی ئاگر!

* * *

حەزم ئەکرد
لە قەدپاڵی پێکەنینا
خەمی ئەم کەژاوە قورسە
بۆ چلۆ بزە، دابگرم،
- ماندووم.. کاروانسەرای لە یەکتری دابڕ!

* * *

حەزم ئەکرد
لە جۆلانەی ڕاژەنینا
خورپەی ئەم دڵە پڕ ترسە
بۆ کورتەخەونێ ڕابگرم،
- نوستووم.. تووڵەڕێی بەرەو بەهەشتی بزر!

* * *

حەزم ئەکرد
لە سەردەمی ڕاپەڕینا

گریە و هاواری نێو پرسە
چەک بێ و لە شانمی هەڵگرم،
- دوورم.. سنگی کوردستانی لە چرپە پڕ!
ئازیزەکەم!
کام وشەی سەربڕاو ڕیز کەم؟
کام باڵای شەقامی درێژ
بە خوێن ڕێژ کەم؟
هەتا پێتگەم!

* * *

کامە بێشکە؟
بۆ مناڵانی ئاوارە
ڕاژێنمەوە.
گۆ مەمکی کام کانییەوشکە
بۆ گەرووی تینووی ئەم شارە
بمژمەوە؟
کامە ڕێچکە؟
بۆ سەر گۆڕی مامە یارە
بگرمەوە؟

* * *

ئاخ! دڵی مۆمەسووتاوی
سەر دەفتەری بینایی کز،
چۆن بتوانم
هەمدیس هەڵتگیرسێنمەوە؟

* * *

چۆن بتوانم
دوا هەنگاوی شەهیدی ڕێ

هەڵسێنمەوە؟
چۆن بتوانم
دوا سمکۆڵەی ئەسپێکی شێ
بدۆزمەوە؟
ئاخ! وێنەی شەقارکراوی
ئەلبوومی شیوەنی نێرگز،
چۆن بتوانم
گۆنای سوور و
مانگی سپێدە پڕژێن و
خۆری زەردەپەڕ ڕژێن و
سێبەری بەر ڕایەخی سەوز
بە یەکترا بلکێنمەوە؟
ئاڵای شیعری،
ئازادیت بۆ بهۆنمەوە؟

* * *

حەزم ئەکرد
پەپوولە بم
بە بۆکڕووزی ژیلەمۆیەک
ڕوو هەڵقرچێم.
حەزم ئەکرد
شەپۆلێکی بچکۆڵە بم
بە تەنکاوی شڵپەی چۆمێک
زوو بخنکێم.

* * *

حەزم ئەکرد..
ئای کە حەزمان زۆرە و زۆرە

دەبا فێربین ئەم جارەیان
لیستەی حەز بکەینە نۆرە:

* * *

*(حەزی مردوو)*

- ئەناسن ڕووی کێلی گۆڕم؟
یان بیرتان چوو..
چۆن چۆڕاوگەی خوێنم ئەڕشت،
شەڕم ئەکرد لەگەڵ شەوا
هەتا خۆرتان بۆ بهێنم.

* * *

*(حەزی زیندوو)*

- بۆ نایەنە بەر سەچاوەی پڕ ناسۆرم؟
نەخێر! دەریای دڵەی تینوو..
وەرن.. ببینن چۆن تاسەم نوقم ئەبێ
هەتاکو لە مێشکی خەوا
چاوی خۆزگەی سبەینێتان بۆ هەڵسێنم.

* * *

*(سنووری حەز)*

- ئای کە چەندە سەرەولێژە
ڕێیەکی تەلیسم نێژە
مەگەر.. باڵی هەڵۆی ئاسمان
بەرەو چاوگەی ئاگر بیبا و
بیخاتە پاڵ خۆ ڕاوەشان.

* * *

*(وڵاتی حەز)*
- بەهەشت.. ئاوسە و ژانێتی
باوەگوڕگوڕ قوربانێتی
شەوەی دۆزەخ لێ ناگەڕێ
ئەم نیشتیمانە.. کەرکووکی
تاقانەی لە باوەش بنێ.

* * *

*(سبەینێی حەز)*
- لە دڵ زیاتر
ئاخۆ کەسێکی تر شک بەم
دەرگای نهێنی ئاسمانی
خۆشەویستی کوردستانی
پیشان بدەم؟

١٩٩١

## چرپەی ژانێکی نوقمبوو

پێم وایە ئەم تەمومژەی
هەموو شەوێ سەرکووچەی هۆشم لێ ئەگرێ
ئەم بێشەڵانە سەر بژەی
پەردەی خەونی هەڵبەستەکانم پێ ئەدڕێ
لە هەورێکی سەرگەردان و
شەستەی باوبۆرانێکەوە
دێت و بەسەر
باخی وشەما دائەکا و
گوڵەفرمێسکێکم لەناو
ئینجانەی چاوما ئەڕوێنێ و
وەکو منداڵ
ئەم تەمەنی پەنجا ساڵەم ئەگرییێنێ.

* * *

زۆر حەز ئەکەم
لە شەقامی بەهار هەڵبێم
خۆم لە گۆڕستانا ون کەم
بڕۆمە بەر دەرگای پایز
لێی دەم.. لێی دەم
– لێم کەنەوە!
من نەهاتووم

دوو گەز جاوی بەرتان بدزم
هەتا لاشەی منالآنی کوردستانی
پێ داپۆشم.
- لێم کەنەوە!
من نەهاتووم
چاڵەژووری ئارامگاتان لێ زەوت کەم
تا نێرگزی سەربڕاوی
تیا بنێژم.
- لێم کەنەوە!
تەنیا هاتووم
پێتان بڵێم:
پرسێکتان لە یەزدان نەکرد
بۆ ئێمەی وا بەم دەردە برد؟

* * *

چەند ئەمەوێ
لە ناوی خۆم
لە چاوی خۆم
لە لەشی خۆم
باوەشی خۆم
ڕاکەم.. هەڵبێم.
چەند ئەمەوێ..
بەڵام ئەم شیعرە سەرشێتە
لێم ناگەڕێ و
هەر ئەیەوێ،
زوو لەدایک بێ و پێ بگرێ
زۆر زوو هەڵچێ و بلووق ببێ

چەک هەڵگرێ و
ڕێگای دڵداریی خۆی بگرێ و
لە سێبەری هەڵوێستەی ژێر سێدارەدا
بڕوێتەوە.

* * *

نەکەن.. نەکەن!
گڵەیی لە هەستی هەژار
وشەی زامدار
بکەن و تانەی لێ بدەن.
نەکەن.. نەکەن!
شیلەی گوڵی لێ وشک کەن
چۆن ئەو، هەنگە و
نەکەن پوورەشانەکانی بورووژێنن.
نەکەن.. نەکەن!
پێشمەرگەی هەناسەی چەک کەن
ئەو هەر.. دەنگە و
نەکەن لافاوی هاواری هەڵبسێنن.

* * *

ئاخ! بەیبوونە کێویلکەکەی تەوقەسەرم!
ئەگەر پەیژەی بسکی خۆتم بەم دیواری
شەونخوونی بەرزەما بۆ ڕانەهێڵی؟
ئەتۆش! هەڵۆ زامارەکەی ڕێی کۆچەرم،
گەر زینی ئەسپەشێکەتم بە لێواری
کاروانسەرای دڵداریمان جێ نەهێڵی؟
گیانە! ئەگەر ئەموستیلەی
ونبووی شایی دەستنیشانی دوێنێکەمان

له ئەنگوستمان نەنێینەوە،
گەر.. ئارەقەی
ئاشبەتاڵ و ژار و هاتوچۆی بەغدامان
بە سوێندخواری نان و نمەک
نەء.. باسکی چەک
لە ناوچەوانی کەچبوونمان نەسڕینەوە.
ئیتر.. گیانە!
ئەبێ لەناو ئەستێرکی جواناوی تۆدا
نوقم ببم،
شوناسنامەی ئاسمان و زەویم بدڕێنم،
دوا هاوارم (کوردستان!) بێ و
ببمە هاونشینی دەریا و
دوا هەناسەی ئەم شیعرانەم
لەگەڵ خۆما بخنکێنم و
نوقم ببم و
ئەمجارەیان چاوی نەورۆز
لەجیاتی کل
بە بریسکوهۆڕی شێلان بڕێژمەوە.

١٩٩١

## سەرەتای حەیرانی تەمەنمان

ئێمەی بێکەس
ئێمەی هەرەس
ئێمەی پەیامی ڕاکردوو
ئێمەی خەباتی ئاوەژوو
ئێمەی یەخسیر
ئێمەی تەگبیر
ئێمەی کۆچەر
ئێمەی جۆکەر
ئێمەی مردن
نەء.. لێبووردن
ئێمەی بڵقی پەیڤی تاساو
بڵقی بە ڕم ئاژنکراو
ئێمەی درۆ
نەء؛ دەسخەڕۆ
ئێمەی خەنجەری لە باڵامان درێژتر
خەنجەری لە ڕووبارەکەی خوێنمان کورتتر
ئێمەی چیرۆکی زەردوویی
یا هۆنراوەی هەرزەگۆیی
ئێمەی شۆڕشێکی درێژ
درێژخایەن
ئێمەی ماڵ و لانکێکی بەبێ دایەن

ئێمەی جەنگێکی بێ پرسە
تا بڵێی قورسە و پڕ ترسە
ئێمەی ئێمەی چوار دیواری
دەلاقەی زامی خەمباری
ئەم کەژاوەی کۆچکردنە
ئەم بووکی سەرهەڵگرتنە
چۆن بگاتە سایەی هەیوان
دوا هەوارگەکەی کوردستان
- بەیانیانی:
شاری دڵمان
تەنەکەیەکی پڕ خۆڵە
نە - جادە چۆڵ و سێبەرە -
نە جڵەوی کاروان گرە
- نیوەڕوانی:
لقەدارتووی حەوشێکانمان
لێمان کەوتوونە چەمۆڵە
لە جێی شاتوو، شریخەی پشکۆی پلارە
کۆستی ئەمساڵ نەوەک هی پار نە پێرارە
- ئێوارانی:
خۆری هیوای بەری چاومان
تک تک.. چک چک، وەک زەنگوڵە
بە ناخمانا.. بە باڵمانا، شۆڕبوونەوە
زویر؛ زیز و؛ لێمان تووڕە و مۆڕ بوونەوە
- جا، شەوانی:
مانگەسنگی چیغی ناو سەربانەکانمان
سرک سرک هەروەکو پەپوولە

بە توێی گڕەتەنوورێکا هەڵئەزنا
تا بێئۆقرەیی ئەم شیوەنەی تیا ناونا
* * *
مێژووی ئێمە..
نە بەهارە و نە زستانە
نە شادییە و نە گریانە
مێژووی ئێمە..
نە دوژمنناس و دۆستزانە
نە سەرکەوتنە و نووچدانە
مێژووی ئێمە..
تەرمێکی بێگۆڕستانە
ئایەتێکی بێقورئانە
بەڵێنێکی بێنیشانە
مێژووی ئێمە..
چەندین سەدەی فریودانە
مێژووی ئێمە..
هەر دۆڕانە
مێژووی ئێمە..
خەونێکی بێکوردستانە
* * *
با بچینە سەر گۆماوی
خوێنپەنگاوی
بێ بەرینی کوردستانمان
بەر ئاوێنەی هاڕێنراومان
با سەیرێکی خۆمان بکەین
تا تێ بگەین!
چاومان: وێنەی

هەڵەبجە ئەناسێتەوە؟
گوێمان: کزەی
بادینان ئەبیستێتەوە؟
لێومان: کڵپەی
نیلە کوانووی باوەگوڕگوڕ ئەڵێتەوە؟
گەردن: شڵپەی
قوڕولیتەی کام سەرنەخشە ئەسڕێتەوە؟
مردن: کفنی
کام زامی قووڵمان بۆ دائەپۆشێتەوە؟
ژیان: بەژنی
ڕێگای کام کاکێشانمان بۆ ئەگرێتەوە؟
* * *
ناڵێم: ئاسنی سارد ئەکوتین
بە خۆڕایی خوێنمان ئەڕژین
ناڵێم و ناڵێم: پێشمەرگە ترسنۆکە
چەکی ناو سەنگەری ویژدانی لەرزۆکە
نەخێر! ئەوەی ئێمە کردمان
لە باس نایە
مێژوویەکی بێکۆتایە
لە خەبات و خۆ بە کوشتدان
بەڵام! فێرین
دەست نەنێینە بینەقاقای هەڵەکانمان
قەت نەوێرین
بەرامبەری پێشەوا و ڕابەرەکانمان
دەم هەڵهێنینەوە و بڵێین:
کلی پێوەیە بەر چاوتان.
* * *

ئەبێ پێستی لەشمان بە خۆمان کەوڵ کەین
کەشتی دەریای دڵمان بە خۆمان سەوڵ کەین
ئەو ڕۆژگارە ڕۆشت و نەما
چی لە بارەگاوە وترا
ئیتر ئەبێ بە گوێی بکرێ
ئەگەر نا شاربەدەر ئەکرێ
دنیای کۆن سەری خۆی هەڵگرت
خەڵک هێزی خۆی وا لە مشت
ئەبێ! ئێمەش خۆمان تاو دەین
داسی بیر و هۆشمان ساو دەین
نەهێڵین داستانی دڵمان؛
لە پایتەختی ئەم و ئەوا
وڵاتانی خەوش و شەوا
بکرێتەوە شانۆگەری (خۆفرۆشان)
تاکەی ئەبێ هەر ئەکتەر بن
لە دوایین ڕیزی نوێژکەربن
پێشتر لە سۆشیالیزم بن
ڕێبەری کوردیالیزم بن
تاکەی ئێمەش
ببینە هەش
بۆ کراسی ڕەشی بەری دایکەکانمان
نەء.. بۆ هەر بستێکی لەشی کوردستانمان.
* * *
کوردستانە خەمگینەکە!
هەورەچرۆی ڕەهێڵەکە!
دڵنیام هاکا سبەینێ خۆت بشۆری

ڕەشپۆشییت بە ئاڵای ڕەنگینت بگۆڕی
چاوەکانت
پەنجەکانت
ئاودامانت
دڵ؛ زبانت
ببنە پێش بەندی حەیرانی
گەورە و بچووکت بیزانی:

**(ئەمشەو دڵم نوقمی ئاخ و حەسرەتی لافاوێکە و نانیشێتەوە. ئاودامانم شۆڕکراوەی تەنوورێکە و ناکوژێتەوە. پەنجەکانم سڕی سەهۆڵبەندانێکە و ناتوێتەوە. چاوەکانم کزی ڕێگای ونبووی ناونیشانێکە و نادۆزرێتەوە. گیانە! ئەمشەو چاوەڕوانم، من شەوگەڕەکەی جارانم، چرای کەزیتم بۆ هەڵکە، تاکو بێمەوە بەر پەردەی ئاڵی ژووری خەوتنانت، کەی گەشتمە لات شەرتبێ سەرم دانەوێنم بۆ ئەو عیشقەی منی ئاوا ئاوارە کرد، بە بەهەشتیش ناتگۆڕمەوە. ئەوا کازیوەیە و منیش چاوی هیوام لێک نەناوە، هەر بە تەمام جریوەی چۆلەکەی دارستانەکەی ئەو بەرمانەوە لەگەڵ تاڵەتیشکی خۆرا بێنە ژوورەکەت، لەسەر سەرینەکەت هەڵنیشێن و نەرم نەرم یاری بە قژی خاوت کەن. ئەوساکە تۆش چاو هەڵهێنی، پەردەی پەنجەرەکەت لادەی تەماشایەکی دیمەنی نوێی لاپاڵ و نشێو بکەی. بزەیەکیش بەسەر لێوتا گوزەر بکا، نیگایەکیش بگریتە من. ئیتر هیواکانم ئەبنە پۆلەمەل و بە ئاسمانی کوردستانی پڕ ئاشتییا باڵ ئەگرن و هەر هەڵئەفڕن.. هەڵئەفڕن و نانیشنەوە.)**

**١٩٩١**

## گریەشیعر

چاوێ گریا..
وتیان: قەینا،
لەوانەیە!
ساوایەکی ناو بێشکە بێ.
دوو چاو گریا..
وتیان: قەینا،
لەوانەیە!
خەمی هەور و تریشقە بێ.
سێ چاو گریا..
وتیان: قەینا،
لەوانەیە!
هەناسەی سەرەڕێگا بێ.
چوار چاو گریا..
وتیان: قەینا،
لەوانەیە!
تەومژی سەر چیا بێ.

* * *

شیعرێ وترا..
وتیان: نابێ،
شەقام هەڵسا..
وتیان: نابێ،

تۆڵەی سەربڕینی سێنرا..
وتیان: نابێ،
شووورای هەڵوێست دامەزرێنرا..
وتیان: نابێ،
زیندان شکا..
وتیان: نابێ،
لەش هەڵچنرا..
وتیان: نابێ،
دڵێ نەما..
خوێن نەتکێنێ،
وتیان: نابێ.
چەکێ نەما..
گوللەی گەرووی نەزریکێنێ،
وتیان: نابێ.
دیوار نەما
دێ و شار نەما..
دوا سێبەری
نەء.. پەیکەری
هۆلاکۆی تیا نەڕووخێنرێ،
وتیان: نابێ.
نەوەکا (نەبو خەد نەسر)یان،
لێ زویر بێ..
بەری ڕەنجی
حەوت هەشت مانگیان،
بەفیڕۆ چێ!

١٩٩١

## هاوڕێ

له كۆچێكی خه‌مخوارییا
پۆله‌چۆله‌كه، فڕین و
نیشتیمانی دڵیان جێهێشت،
ڕۆیشتن.. به‌ره‌و ئاسمانێكی
هێجگار قووڵ و به‌رینی تر.

* * *

له ژوانی تۆراوییا
په‌نجه‌ره‌كانی ئه‌سرین و
ده‌رگای شیوه‌ن.. سه‌ریان هه‌ڵگرت،
به‌ره‌و ده‌ریای ئازارێكی
وێڵی بێسه‌روبنی تر.

* * *

وه‌ك شه‌وانی..
دڵدارانی..
چرپه و ڕازی
خه‌رمانه مانگی هه‌ورازی
وه‌شته مرواری سپێده‌ی،
ژێر ئاسمانی پڕ جریوه‌ی
ئه‌ستێره داستانه‌كانا..
پێكه‌وه بووین!

* * *

لە بیرتە چۆن بەیانیان زوو
خورپەی دەرگا،
شەقامە خەونەکانی بۆ هەڵئەسانین..
سروەی هەناسە وێڵەکان،
گەشەی چاوی پشکۆ شیعری
ئاگردانی هاوارێکی ئەورووژانین.

* * *

بیرتە ڕۆژان..
چۆن بە کێوی گریانا هەڵئەگەڕاین و
سنگی هەور و
ڕەهێڵە بارانە گڕمان
بۆ بزەی لێوی پەمەیی تێکۆشانمان
ئەهێنایە تەوژمدان.

* * *

بیرتە شەوی خەو لێ زڕان
چۆن لە مێشکی یەکتریا ئەخزاین و
تۆوە خەونی
پەلکەزێڕینەی تەمەنی
دووری ئەودیو ئاسمانی
دڵمان ئەچان.

* * *

هاوڕێ! نابێت
کانیی ئەم خەم هەڵقوڵانە..
قووڵتر بەناو جەرگەی حەپەساویمانا
دێتە خوارێ.
گیانە! تابێت

گێژەڵۆوکەی ئەم خەزانە..
گەڵای ڕوو زەردهەڵگەڕاوی
لێ ئەباری.

* * *

بیرتە.. ئەچوویتە پەرستگای
سروشتی ڕووت،
لەوێ.. هەبوو
کەللەی تەورات بە دیوارا بپژێنێ.
لەوێ.. هەبوو
دڵی ئینجیل لە چوار لاوە بزمارڕێژ کا و
خوێنی قورئان
بە گومەزی مزگەوتەکانا بڕژێنێ.
لەوێش هەبوو
ژیلەی چاوی ئاوێستامان هەڵگیرسێنێ.

* * *

هەژدە ساڵە..
وێنەی هەڵوێست
چوارچێوەکان ئەشکێنێت و
ئەبێتە ناو.
هەژدە ساڵە..
نیگای پەیوەست
فرمێسکەڕێ ئەڕژێنێت و
ئەبێتە سروودی لافاو.

* * *

هاوڕێ! گۆنای..
سوورهەڵگەڕاوی خەمی ئێرەم

ئەنێمە سەر
قۆنداغەتفەنگی شانت.

* * *

پەنجەرەکانی تەماشای
گوڵهەڵوەرانت، داناخەم..
مشتێ سملێ وشەی بۆنخۆش
ئەئاخنمە ناو گیرفانت.

* * *

دارستانی ساوای بزە و
گاگۆلکێی ئەم خۆ هەژانە!
ڕێی هاتنت.. لانکەیەکە و
ڕۆیشتنت، گۆڕیچکەیە و
سەرەتا و دوا خۆشەویستیم
هەر دڵدارییەکەی جارانە.

١٩٩١

## له خەمی هەڵەبجەی ژارا

- کاتێ بەفر
ماڵئاوایی کرد و ڕۆیشت
کچی بەهار
لەبەر ئاوێنەی سەوزە گیا و
کانی ڕوونیا
هێدی هێدی چاوی ئەڕشت
- کاتێ هەور
دوا تیلەی گڕی خۆی هاویشت
کوڕی بەهار
لە بەردەم کێوی سەرکەشیا و
ژێی دەروونیا
ئاوازی ژوانی ئەڕشت
- لەپڕ ژەهر
ڕەهێڵە و تاوی خۆی هەڵڕشت
زەردەنسار
لە ئاڵۆزەی ناسۆریا و
تەزوودانیا
هەوارگەی تووشی لێ ڕاخست.

* * *

ئەوکاتەی چاو.. لەبەر نیگای
وەرزی دەرگای
نەورۆزەکەی ساڵی خەما
ئەکەوێتە برژانگی نێرگز هەڵوەران
باخی سینە.. نەمام ئەگرێ
کەچی ئەمساڵ وا زام ئەگرێ
ژاڵەی تاڵ و خەردەل ئەگرێ
دڕک و ژار و دووکەڵ ئەگرێ
لە بووکینی مەرگی شەما
ئەبێتە چەپکێ چیرۆکی مێژووی گریان
* * *
ئاخۆ.. گریان
وڵاتی سەربەخۆی هەبێ؟
ئەم تۆماری فرمێسکەی تیا بهۆنمەوە.
ئاخۆ.. ئاسمان
ئەستێرەی ڕەنجەڕۆی هەبێ؟
هەڵبجەی ئەم هاوارەی تیا بدۆزمەوە.
* * *
ئەڕوانمە نشێوە سووتاوەکانی،
ئەبرۆی گڕت.
ئەخۆمەوە ژانەکانی،
وەرزی مانگی گۆنای پڕت.
گوێ ئەگرمە ناڵەکانی،
سنگی پەنگت.
ئەیڵێمەوە شیعرەکانی،
دەریای (گۆران)ی بێدەنگت.
* * *

ئەبینم گوڵاڵەی پشکۆی
گەردانەی گەردنی ڕووتت.
خۆم کەیل ئەکەم بە پیاڵەی لێوی شەوانی
خەونەکانی پڕ بارووتت.
دەرگای بیستنم جەنجاڵە
لە هەواڵی شەهیدانی بێتابووتت.
سنگم لە شەقبوونە لەتاو
هەڕاجخانەی کانی ئاشقانی ناموست.

* * *

هەڵەبجەکەم!
ڕێگەنما ونکەرەکەم!
دوای تۆ کێ بێ؟
تاقتاقکەرەی ئەم شەوگارە
بکاتە خەو.
خوناوگە بێ بەرۆچکەکەم!
ئەبێ هەبێ؟
ڕێی وشکی ئەم زرێبارە
بخاتە ڕەو.
ئاخۆ کەی بێ؟
بێ ئۆقرەیی ئەم ئازارە
(ب س و و ت ێ) و (ب ب ێ ت ە)
پ ێ ش ڕ ە و.

* * *

بە کوڵ گریانم دێ بەسەر
دارەمەیتی پۆستەی ناوتا و
لێت ئەپرسم!

نەتئەزانی؟
شاری دڵت
ئاوا.. دەرگای ئاچووغ ئەبێ؟
بە کوڵ گریانم دێ بەسەر
مەلۆتکەکەی بێشکەی گیانتا و
لێت ئەپرسم!
نەتئەزانی؟
کەشتی هیوای خەون و گوڵت
ئاوا.. بێ دەریا و ڕۆح ئەبێ؟
* * *
- نەتئەزانی!
ئەگینا چۆن ئەتهێشت ئاوا
هاجووج و ماجووجی جادوو
بەرماڵە چڵکنەکانیان
لەبەر مزگەوتی پاشادا
بۆ بانگی نوێژی مەرگ ڕاخەن.
- نەتئەزانی!
ئەگینا چۆن ئەتهێشت ئاوا
سەدام زەرووی بۆ خوێن تینوو
بە گازی نامەی مردوویان
لە توێی سووتووی حەفتاوچوارتا
جارێکی تر بەری هەتاوت لێ داخەن.

١٩٨٨

## پەیامەژێ

*بۆ گیانی پاکی - شێرکۆ- ی برازام و*
*هەموو شەهیدانی گەل و نیشتیمان*

ئەوسا تەمەنی ئەم شیعرە
حەوت ساڵان بوو..
هەرەس هات و
(چۆمان)ی دڵمان جێ هێڵا و
ڕێی نادیدەی
گۆڕێکی ترمان گرتەبەر.
خۆم لەوێ بووم
بەری چاوم، بەهارێکی خۆڵەمێش بوو..
ئەمدی ڕێچکەی.. هەنگاونانیان
چۆن لەشکری گوڵاڵەسوورەیان شێلا و
سڵاوی چەک ڕاوەشانیان
چۆن سەریان بە شاخ دانەوان..
خۆم لەوێ بووم
تۆش هاوڕێ حەوت ساڵانەکەم!
مەگەر لەگەڵ منا نەبووی،
ئەمانبینی.. سنووری وێڵ
وەک ڕەشەبا هەڵیکرد و

لووتکەی عیشقی
ئێمەیان هێنایە خوارێ و
بۆ دەرباری خۆیان کەچ کرد.
* * *
ئای شیعرە حەوتسالەی ئەوسام
بیرمە چرپەت
بە گوێی هەورا ئەئاخنی و
بارانێکی پڕ سەوزاییت
بەناو کێڵگەی چاوا ڕژان..
بیرمە خورپەت
شەپۆلەماچێکی خەونی پرشنگداری
پڕ ئەستێرەی
لە ئاسمانی سینەی تارا
چەپکەمۆمی ڕێگەی تازەی دائەگیرسان.
* * *
پەڵەهەوری سەر ئەزمڕی
توانەوەی
گەڕانەوەی
ناو باوەشی سلێمانی
ئەم فرمێسکە
بێ وچانەی بە من هەڵڕشت.
* * *
چاوم گیڕا بە سەنگەری
هەڵسانەوەی
ئەو دێڕانەی
کوژران و بوونە قوربانی

نەء.. بوونە ڕەنگ و برووسکە
تابلۆی بارانەگرێکی نوێیان دارِشت.

* * *

چاوم گێرِا و ئەم جارەیان
لە شەوگاری
سنوورەرِێی خەونەکانی وشیارییا
لە رِۆژگاری
شەقامەرِێی رِێبوارییا
هەر تەنافی سووری خوێن بوو
بە رِیز زامی شەهیدانی
پیا هەڵخرابوو بست بە بست.

* * *

ئەم جارەیان..
هەژدە گوڵی
ساڵنامەی تەمەنی ئەم مەنفایەم وەران،
هەژدە دڵی
ئاگردانی دوور کوردستانم هەڵقرچان،
هەتا ئەم وشانەم پێ رِست.

* * *

شێرکۆی حەوتساڵەی مامە گیان،
مامەی شیعر و چاولێکنەنان!
بیرم ناچی
تیشکەچاوی هیواکانت
سەرگەردان بوون..
بیرم ناچی
باڵەفرِێی زەردەخەنەی لێوەکانت

بێ ئاسمان بوون..
چۆن بیرم چێ
کە هاژەی سیخۆی مەرگ ئەهات،
ئیتر هەناسەی ژوور نققەی لە خۆی ئەبڕی
گۆرانیی ناو وێنەی بە دیواراکراو
لەرەی پەردەی
ڕووی پەنجەرەی خۆرڕاکشاو
باڵای کڵاشنکۆفێکی هەڵپەسێنراو
دوو سێ هاواری هەڵگیرساو
یەک لە دوای یەک
لە زیندانی ترسا ئەخزان.
چۆن بیرم چێ
هەموو جارێ کڵاشەکەت
کڵاشەپێی حەوت ساڵەکەت
دائەکەنی و بەرەو ئاسمان
ڕاتئەوەشان
گوایە مێکی بیستویەکت پێ ئەترسان.
بیرم ناچێ..
چۆن ئەو ڕۆژەم لە بیر بچێ
لە مەریوان
دوو باڵای یەک دڵ و یەک گیان
بەرامبەری یەکتر وەستان
((باڵای یەکەم))
- گەڕانەوە..
بۆ دۆزەخی مێژووسووتان
بۆ نیشتیمانی قوڕپێوان

بۆ کاروانی خۆ بە کوشتدان
((باڵای دووەم))
- هەر مانەوە..
لە حەسرەتی گەڕان بەدوای کوردستانا
بەدوای تەمەنی گریانا
نەء.. زریانا

* * *

دوو باڵای لە یەکتر ئاڵاو
دوو ئاوێنەی یەک ڕووی هەتاو
دوو ئەستێرەی بەناخی یەکتراکشاو
دوو نیگای عیشق بە ئەلبوومی خەونارڕژاو
ئیتر لە یەکتر دابڕان،
لەبەر دیواری شمشێرا
لە گوێ جۆگەیەکی سوێرا
لە گڕی ڕێیەکی کوێرا
سەر بڕان و
سووتێنران و
نەء.. هەڵواسران.

* * *

لەوساکەوە خۆری حەزم
چاو هەڵدێنی و
وێڵە بەدوای خۆرنشینی گریە و شینیا..
مانگی دڵم
گەردانە خەرمانەی ملی ئەپچڕێنی و
نوقمە لەناو گەرداوی سەرگەردانیا..
ماچی لێوم

داستانێکی خەوی تەمەن هەڵئەسێنێ و
ئەینێرێتە بەر ژوانیا..
سۆزی هۆنراوەی پەشێوم
دێڕی سبەی ئەسووتێنێ و
ئەیکاتە سووتووی سەر ڕێیا..

* * *

کاتێ هەوری
وەرزی بەهاری ڕاپەڕین
هاتە وەرین،
دەشت کەوتە چەپکەنێرگزی وشەچنین.
کە سێبەری
کڵپەی تینووی باوەگوڕگوڕ
هاتە هەڵچوونەوەی بە خۆر
چەخماخە کەوتە جۆلانەی گڕ ڕاژەنین.

* * *

قەڵەمی ناو پەنجەکانم
سەرگەردانی پەڕەی دڵ بوون..
چرۆی فرمێسکە ڕژانم
ژانە پڕ باخێکی گوڵ بوون..
شەونخوونی خۆ سووتانم
گرشە پەیڤێکی بە کوڵ بوون..
ئاخ.. هاوڕێ گیان!
گەر بزانی؟
فێری چ سەرەمەشقێ بووم
ئاخ.. کوردستان!
گەر بزانی؟

تووشی چ جۆرە عیشقێ بووم
- فێربووم.. گریەم
لە سەرەمەرگی دایکما
بە کوشت بدەم.
- سلێمانیی جگەر گۆشەم
لە بەردەمی کەژاوەی بووکی کەرکووکما
سەرەو لێژکەم.

* * *

ئاخ.. پەیامی
خۆشەویستی سەرهەڵگرتوو
لە کوێی هەتا
تارای ئاوریشمینی خوێنت
بە ڕووباری بەرەو دڵتا هەڵکێشمەوە..
ئاخ.. دەفتەری پڕ لە زامی
وشەی تینوو
لە کوێی هەتا
بارانێکی گوڵپژێنت
بەناو بیابانی سنگتا
بڕژێنمەوە.

* * *

لەو کاتەوە
چرۆی بڕوا و ڕوخساری ڕێ
باڵەفڕێی هەڵبەستەژێ
لە ئاسمانی شین و شینا
پۆلەمەل بوون
نەء.. تفەنگی ئەودیو کەل بوون

بەناوی زامی پڕ سوێمانا
هەڵسانەوە.

* * *

لەو ساتەوە
بەژنی پەیکەر
نەڕەی مشت و سۆمای خەنجەر
لە داستانی مەم و زینا
مەزارگایەکی پەل پەل بوون
نەخێر.. کێلێکی مەشخەڵ بوون
لە ژوور سەری شەهیدانا
گریانەوە.

* * *

ئەمویست هەستم
پەردە و کوللەی شەپۆلێ بێ و
نێرگز نمەی
بووکی دەریای خەوبینینت
وەک پاساری
تیایا بنوێ.
ئەمویست دەستم
سەرینە نەرم و نۆڵێ بێ و
چڵە ورشەی
لەنجەی چیای پێکەنینت
وەک وەرزێکی نادیاری
لە دووتوێیدا ئارام بگری.

* * *

ئای دارئەرخەوانەکانی
سنگی سەیوان،
لقوپۆپی خۆتان بڕنن
بیکەنە ئاڵای فرمێسک و
چاوی نەورۆزی پێ بسڕن!
ئای.. ئەستێرە وێڵەکانی
سەر پەڵەی خوێنی سی ملیۆن
گوڵاڵەسوورەی ناوچەوان،
دە بکێشن و
ڕێی ئاسمانی خۆتان بگرن!
ئای.. دیوانی
دێڕەنیگای بێسەروشوێن
دە هەڵسێن و
بام پەڕەی مەرگی بیرچوونتان،
سەرچۆپی شاییمان بگرن!

* * *

ئای.. گڵکۆکەی سلێمانی!
با شەوگاری.. خەوبینینمان
با ڕۆژگاری.. نهێنیمان
لێک بڕژێن و
دڵۆپ دڵۆپ.. پەیتا پەیتا
بەناو یەکا بتوێنەوە.
بتوێنەوە و ببنە تاجی
پەلکەزێڕینەی تەوقەسەر
نەء.. جامانەی سورمەچنی
ترووکەچاوی زەردەپەڕ

بۆ پەیکەری
شەهیدانی
کوردستانی
بێشکە و سەنگەر.

١٩٩٢

## دوو چاوی

ڕۆژی تازە
لە خاک هەڵهات..
لە کوختەی پیاوی چەوساوە
لە تاریکی زیندانی ڕەش،
لەو دایکە ڕۆڵەکوژراوە
بەیانی نوێ
خۆری هەڵهات
کام گوڵ دوێنێ کە ژاکاو بوو
گەشایەوە
وەک خۆری دەم ئاسۆ سوور بوو
تێکەڵ بە ڕەنگی خوێناو بوو..
بەیانی، گەل
دەنگی ئەهات
قەڵای سەختی زۆردار ڕووخا
هێزی سەرکەوت
گەلی عێراق
دوژمن تەفروتوونا کرا
بەیانی سوور
پڕ لە ئاوات
ئاواتی گەل و نیشتیمان

کورد و عەرەب
ڕزگاریان بوو
لەژێر دەستی داگیرکەران
بەیانی، گوڵ
بزەی ئەهات
لەگەڵ خۆری تازەی خەبات
پیرۆزبایی
ئا ئەم گوڵەش
ماچ بوو بەخوڕ دای بە خەڵات
ڕۆژی تازەش
لە من هەڵهات
دوو چاوم تیایا بەدی کرد
نیگا مەست بوو
دوو گۆمی مەنگ
هەزار یادم تیا بەدی کرد
یادی جوانێک
پڕ کارەسات
خەباتی کرد، ئازاری چەشت
لە ڕێی زۆری، وەکو منا
بۆ نیشتیمان فرمێسکی ڕشت
دوو چاوم دی
جوان و شەرمن
جا نازانم، شەرمن لە من؟
یا هەر کفتن
کە تا دوێنێ
کراوە بوون ڕووەو دوژمن؟

دوو چاوم دی
نازانم چۆن
هێز بەمە خۆم بیاندوێنم
چونکە هێزێک
ئەجووڵێنم
کە ڕاستییە و یادە و خەبات.
***
ئەی تازەگوڵ
ڕەنگت جوانە
سەد کارەسات ناتژاکێنێ
تۆ گوڵێک نیت
هەڵوەریو بی
گێژەڵووکە بتفڕێنێ
گوڵی سوورم!
گوێم لێ گرە
زۆرجار هاتم بۆنت بکەم
بەڵام ئاخۆ
ئەزانی کە
کۆسپێک هەیە لەسەر ڕێگام؟
ئەویش دڵە
دڵێ تۆیە..
نازانم دووتوێی چی تیایە
ئاخۆ منی
لا مەبەستە
گوێ ئەداتە ئەم هەڵبەستە
تا بۆی سازکەم

ئاهەنگی نوێ
پڕ بێ لە گۆرانی و بەستە
گۆرانی یاد
بەستەی خەبات
بەستەی هەمیشە کۆڵنەدان
هی ئەو چاوە
گەش و کاڵە
کە ئیلهامە بۆ شیعری جوان.

***گۆڤاری شەفەق، ژمارە (١١ و ١٢) ١٩٥٨.**

## زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠٢١

| | ناوی کتێب | نووسین | وەرگێڕان |
|---|---|---|---|
| ٩٧٢ | ڤۆڵتێر/ژیان و بەرهەم و پەیوەندییەکانی | کۆمەڵێک نووسەر | هەورامان وریا قانع |
| ٩٧٣ | گەنجینەی ئەدەبیاتی کلاسیکی جیهان | | حەمەکەریم عارف |
| ٩٧٤ | گفتوگۆیەک لەگەڵ ئەدۆنیسی باوکمدا | نینار ئیسبەر | هیوا قادر |
| ٩٧٥ | تۆ ئەوەیت/گۆڕانکاریی مێتافۆرە ئایینییەکان | جۆزیف کامبڵ | سەلاح حەسەن پاڵەوان |
| ٩٧٦ | لەگەڵ ئەقڵی خۆرئاوادا | | ئازاد بەرزنجی |
| ٩٧٧ | مانیفێستی فێمینیستبوون | چیماماندا ئێنگۆزی ئەدیچی | ڕێزان نوورەدین مستەفا زاهیدی |
| ٩٧٨ | ڕووناکی | تۆرگنی لیندگرێن | خەبات عارف |
| ٩٧٩ | یادەکان | تۆرگنی لیندگرێن | خەبات عارف |
| ٩٨٠ | توحفەی ناسری | میرزا شوکروڵلا | ڕەفعەت مورادی |
| ٩٨١ | نووسینی ئۆتۆماتیکی لە شیعری نوێی کوردیدا | سالار کەریم حسێن | |
| ٩٨٢ | کۆڵۆنێل | مەحموود دەوڵەتئابادی | ئازاد بەرزنجی |
| ٩٨٣ | دوا هەناسەم | لویس بونوێل | جەبار سابیر |